کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

8-10-2007 19:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**تورکیا بەو ڕەزا گرانیەی خۆی و ڕەفتارە ناشیرینەکانی هەرگیز ناتوانێت ببیت بە ئەندام لەبازاڕەکانی یەکێتی ئەوروپا! ... باوکی شازاد**

تورکیا دەیەوێت بەو دەنگ و رەنگە ناشیرینەی کە ئیستا دەیبینین جێی ببێتەوە لە ناودەولەتە ئەورووپییەکان وە هەردەم لە هوڕینە کردن دایە، دەبێ ئەوە باش بزانن کە ئەوروپییەکان بایی ئەوەندە زیرەک و بە ئاگان سەریان لە هەموو شتێک دەردەچێت ئەوان لێبونەتەوە لەوەی کە ئێستا دەوڵەتێکی وەکو تورکیا پیادەی دەکات، لەبەر ئەوەی هاتنی تورکیا بە پێوەری ئەوان بۆ ناو ئەوروپا خۆی لەخۆیدا ناگونجێت لەگەڵ بنەماکانی ئەو قەوارە گرنگە کە لە هەموو ڕویکەوە چ لە باری سیاسی و چ لەباری کۆمەلایەتی وئابوریشا هیچ بەراوردێک ناکریت بەرامبەر ئەو پیرە دەوڵەتە نەخۆش و هەژارە، هۆکارەکانیش دیارن و زۆر زەقن، یەکەم تورکیا دەوڵەتێک نیە کەوتبێتە ناو ئەوروپا تەنها بەشێکی کەمی نەبێت کە پارچەیەکیش لە شاری ئەستەمبوڵ دەگرێتە خۆی، ئەوەی تر هەر هەمووی لە ناو جوگرافیای کیشوەری ئاسیادایە، دوەم هۆکار ئەوەیە تورکیا دەوڵەتیکی ئیسلامیە کە لە ناو ئەو کۆمەڵە دەوڵەتە دەبێت بە شتیکی نامۆ کە ئەوان هەرهەمویان کریستیانن، سێهەم هۆ ئەوەیە دەوڵەتی تورکیا لە نێوان 60 تاکو 70 ملیۆن کەسە لەو وولاتە هیچ خێرو بێرێک نیە نە نەوتی تیایە نە کشت وکاڵێکی وای تیایە تەنها هەندیک میوەو سەوزە نەبێت هیچی تری تیا نیە خۆ پیشەزازیەکانیشی هەمووی پێشەسازی سوکن ئەوروپا لەمێژە وازی لێ هیناون لەبەر ئەوەی خۆیان بە پێشەسازی قوڕس خەریک کردوە، چوارەم هۆکار ئەوەیە دەوڵەتی تورکیا لە گەڵ هەموو دەرو جیران موشکیلەی سنوری هەیە هەر لە ئێراق، سوریا، یۆنان، ئێران، ئەرمێنیا، بولغاریا، قوبرس، باشە بۆ ئەوروپا ئەو هەموو موشکلانە بکات بە هی خۆی؟؟ لەکاتێکدا هەموو دەوڵەتەکانی کە ئەندامن یەک موشکیلەی لەو چەشنەیان نیە، پێنجەم هۆکار کە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە تورکیا پێک هاتوە لە چەند نەتەوەیەک و چەند ئاینیکی جیا جیا، وە مافی ئەو نەتەوەو ئاینانە هەر هەمووی پێشێل کراوە لە لایەن ڕژێمی تورکیا، بە هیچ شێوەیەک ئامادەنین دان بە مافەڕەواکانی خەڵکی غەیرە تورک دابنێن بەتایبەتی مافی گەلی کورد کە خۆیان لە نزیکەی 30 ملیۆن کەس دەدەن، وە هەتا ساڵی 2050 بە پێی بۆچونی زۆر لە لێکۆڵەرەوەکان ژمارەی کورد لە تورک زیاتر دەبێت لەبەر ئەوەی تورکەکان دەیانەوێت وەکوو ئەوروپیەکان لە 1--2 مناڵ زیاتریان نەبێت وە لە یەک ژن زیاتر نەهێنن، بەپێجەوانەوە کوردەکان هەرچەند مناڵیان ببێت لایان گرنگ نیە، هەر وەکو دەڵێن کەسێک کە تەڕ بوو لە باران بارین ناترسێت، کوردیش وای بەسەر هاتووە نە کاروو کاسبی هەیە لە کوردستانی باکور نە خەڵک وەکوو جاران لە شوینی خۆیانن تاکوو خەریکی چاندنی زەویەکانیان بن وبەرهەمەکانیان بیننە شارەکان و بیفرۆشن تاکوو بژێوی خۆیان دابین بکەن، زۆربەی خەڵکان دەربەدەر و لێقەوماون خۆ شەر و پیکدادانیش هەردەم هەیە لە نێوان ڕژێم و پارتی کرێکارانی کوردستان، بە هەزاران کەسیش لە زیندانەکان حوکم دراون لە سەر شتی زۆر پرو پوچ کە گوایە خەڵک دژی دەستورە کەمالیەکەی تورکیا ڕەفتاریان کردوە، کە بەکەلک هیج وولاتێک نایەت لەو سەردەمە پەیڕەو بکرێت لەبەر ئەوەی دژی هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئادادەمیزادە، وە کوردەکان هیچ بەرنامەیەکی ڕێکخستنی خێزانیان نیە بۆ دانانی بەربەست لەپێش مناڵ بوونی زۆر، بەنیسبەتی فرە ژنیش تورکەکان شتی وایان واز لێهێناوە، بەڵام زۆر لە کوردەکان لە ژنێک زیاتریان هەیە واتە مناڵیشیان زۆرتر دەبێت، باشە ئەوروپا چ مەجبورە ئەو هەموو خەڵکە بەخێو بکات و موشکیلەی کەمە نەتەوەییەکانی تورکیا بکات بەهی خۆی لەکاتیکدا کە ئەوجۆرە شتانە لە ئەوروپا بە هۆی پەیرەو کردنی دیموکراتیەت بە شێوەیەکی تەندروست هەر هەمووی چارەسەر کراوە، حەوتەم هۆکار ئەوەیە ئێستا لە ئەوروپا نەتەوە پەرستەکان زۆر بە زەحمەت دەتوانن بگەنە ناو پەرلەمان لە هەڵبژاردنەکان دەنگێکی زۆر کز دێنن، کەچی لە تورکیا لە 25% ڕەگەز پەرستەکان دەنگ دینن ئەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

زەنگیکی زۆر ترسناکە بۆ ئەوروپا هەر دوێنی کەسێکی ڕەگەز پەرست لە پەڕلەمانی تورکیا بەنگێشەی ئەوە دەکات کە دەبێ تورکی هەرێمی کوردستان دهاگیر بکات و تەفرو تونای بکات و بەڕێز مەسعود بارزانیش بە بارمتە ببەن تاکوو پەکەکە واز لە خەبات بینن ئەو ئاندام پەڕلەمانە چۆن قەبوڵ دەکرێت ببێت بە ئەندام پەڕلەمانی ئەوڕوپی، هەشتەم هۆکار ئەوەیە هێشتا لە تورکیا عەسکەر دەوری خۆی دەبینێ ئەوەی بە دڵیان نەبێت بە چاو سورکردنەوەیەک لای دەبەن ئەگەر زۆر تەنگاویش بون هەڕەشەی کۆدێتا دەکەن وا تە (ئینقیلاب) کە پاش شەڕی جیهانی دوەم لە ئەوڕوپای ڕۆژئاوایی عەسکەرتاریەت باوی نەماوە خەڵک نایانەوێت لە شەقامەکانیش عەسکەر ببینن نەوەک لە سەر کورسی حوکم، کەچی دەبینین ڕۆژانە لە تورکیا عەسکەرەکان جەخت دەکەنەوە لە سەر دەست گرتن بە سەر حکومەتی تورکیا ئەگەر عەلمانیەتەکەی کەمالیستەکان بکەویتە مەترسیەوە ڕۆژانە تۆپبارانی کوردستانی باشور دەکەن پاوان و ڕەزوباخی ئە خەڵکە دەسوتینن هەڕەشەی داگیر کردنی کوردستان وادەزانن جاری جارانە بتوانن بە کەیفی خۆیان بێن ڕاوە کورد بکەن بە ڕەزامەندی حکومەتی ئێراق، ئەوانەی باسم کرد هەر هەمووی هۆکارە دیارەکانن کە خەڵکی ئاسایی هەستی پێ دەکات بێجگە لەو شتانەی کە ئێمە نایزانین و هەستی پێ ناکەین، باشە دەوڵەتێک هەروەک گۆڤاریکی ئەڵمانی نوسیویەتی کە (ئەلەرگی) هەبێت واتە حەساسیەت بەرامبەر بە ووشەی (کورد) کە دوەم نەتەوەی پێکهاتەی وولاتی تورکیانە چۆن دەبێت ببێت بە ئەندامی بازاڕی ئەوڕوپی کە زەمانێکە ئەوان چارەسەری ئەو جۆرە موشکیلانەی ناو خۆیان کردوە، لە هەر دەوڵەتێکی یەکێتی ئەوڕوپا ئەگەر لە شارێک چەند خویندکارێک هەبن خەڵکی دورترین شوێن بن لەو دونیایەو کەس نەزانێت سەر بە چ نەتەوەیەکن، ئەوان مامۆستایان بۆ پەیدا دەکەن تاکوو زمانی دایکی خۆیان بخوینن ولەبەری نەکەن لەبەر ئەوەی ئەوە مافێکی کلتوریە پێویستە هەمو کەسێک ئەو مافە بچوکەی بۆ دابین بکرێت باشە بۆ تورکمان و مەسیحیەکان لە کوردستان هەموو مافێکی لەو بابەتانەیان هەیە بەبێ کەموو کورتی زۆر بە زیدەوەش کە ئەوەش مافێکی خۆیانە کەس منەتیان بەسەر ناکات لەبەر ئەوەی لە کوردستان دەژین، بەڵام کوردێکی لەسەر خاکی خۆی بێت وداگیر کرابێت مافی خویندنی بە زمانی دایکی خۆی نەبێت ئەوە لە کوێ شتی وا هەیە لە تورکیا نەبێت، ئینجا ڕۆژانە زوڕنایەکیان داوە بە دەستی فەرخە ئەتا تورکەکانی بەناو جە بهەی تورکمانی لەوسەرو ئەوسەری دونیا پڕوپاگەندە دەکەن دژی کورد کە مافی تورکمانی نەداوهو غەدر لە تورکمانەکان دەکات ئای لەو سەیرە بانێکەو دوو هەوایە وادەزانن زەمانی عەنتەریەت ماوە خەڵک بکوژن و جینۆساید بکەن کەس نەبێت سنورداریان بکات و جڵەویان بگریت، باشە خۆ ئەمریکاو بەریتانیا قونسولگەریان هەیە لە کەرکوک و موسڵ هەموو شتەکان لە پێس چاوی خۆیانە کێ باوەڕ بە درۆو دەلەسەکانیان دەکات، دەوڵەتێک بێت هەتا ئێستا دان بە کوشتنی ملیۆنان خەڵکی ئەرمەنی نەنێت کە هەر هەموویان بە دەستی عوسمانیەکان و ئەتاتورکی بەد ڕەوشت قەتل عام کراون، دەیانەوێت ئاوا بە ئاسانی بچنە ناو بازاڕی ئەوڕوپی، تورکیایەک هەتا ئێستا بە عەقلیەتی زەمانی دەولەتی عوسمانلی بیر بکاتەوە بیەوێت ئەمجادی بابوو باپیرانی لەسەر حیسابی گەلیکی مەزلومی وەکوو کورد زیندوبکاتەوە، تورکیایەک ویژدانی خەڵک بکڕیت و تەنها بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستانی باشور ئیهانە بکات مەجبور ببن بە ناو تورکیادا سەفەر بکەن بەکەیفی خۆیان خەڵک مەستاڕ بکەن ئەوەی ناوی جەلال بێت دەبێ 100 دۆلار ڕەشوە بدات ئەوەی ناوی مەسعود بێت 50 دۆلار بدات و ڤیزەش بۆ ئەوانە نیە کە ناویان کوردستانە دەبێ بچن ناوەکانیان بگۆڕن، ئەوە کەی هەڵس و کەوتی دەوڵەتێکە بیەوێت بچێتە ناو یەکیتی ئەوڕوپا باشە تۆ بڵێیت ئەوانە لە گویی گادا نوستبن و ئەو هەوالانە نەزانن کە لە تورکیا چی ڕودەدات، دەوڵەتێک وابکات ویژدانی فرۆکەوانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

8-10-2007 19:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سویدی بکرێت و بە درۆ بڵی لە کاتی فرینم لەسەر شاری سلێمانی رۆکیتم تێگیراوە، کە درۆکەش ئاشکرابوو کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی ئەڵمانیا بڕیاریاندا بگەرێنەوە بۆ کوردستان، بەڵام ئەوجارەیان حکومەتی تورکیا بە ڕاستەوخۆ هاتە وەڵام و زیاتر خۆی بۆ نەگیرا، لەبەر ئەوەی چاوی بە کوردو کوردستان هەڵنایەت ئێستا بڕیاری دەرکردوە نابێت هیچ کۆمپانیایەکی موسافیرانی کوردی بە ئاسمانی تورکیا دابروات، ئەو کارانەی حکومەتی تورکیا دەیکات هەرگیز لە هەڵس و کەوتی حکومەت ناچیت تەنها مافیاکان و بازرگاننی مادده بێهۆشکەرەکان و میلیشیاکان شتی وا دەکەن، بە چ مافیک ئەوانە داوای چونە ناو یەکێتی ئەوڕوپا دەکەن، وەکوو قەشەیەکی ئەوروپی دەفەرموێت تورکەکان (هەمەجن) چۆن قەبوڵ دەکەین هەمەج بێتە ناو ئێمەو پیسمان بکات، تورکیایەک کە هەتا ئیستا بە هەزاران تاوانی لێ ئەنجامدەدرێت وجەستەی مرۆڤ بە پارچە پارچە لەو وولاتە دەفرۆشرێت کەس ناتوانێت ڕیگایان لێ بگرێت، تورکیایەک کە هەتا ئێستا وەکو کۆڵۆمبیاو وولاتەکانی هاوشیوەی ئەوان لە ئەمەریکای خواروو ئەگەر موشکیلەیەکی گەورەت هەبێت لە دادگا چارەسەر نەکریت دەبێ پەنا ببەیتە لای مافیاکان مافەکەت بۆ وەربگرنەوە بەرامبەر پارەیەکی زۆر، تورکیایەک هەر ئێستا ئەگەر سەرژمێری بکرێت زیاتر لە ملیۆنێک کەس وەکوو بەرهەڵستکاری پەنابەری هەیە لە ئەوڕوپا، بە کام یاسا ئەوانە داوای چونە ناو یەکێتی ئەوڕوپا دەکەن، ئەوانە وادەزانن زەمانی جارانە وەکوو کوڕە مودەللەلەکەی ئەمریکا هەڵس و کەوت بکەن ئەو ڕۆژە ڕۆیشت، ئەوباوکە یان مرد پاش ئەوەی کە هێزەکانی ئەمەریکا بە تەقەی تەنەکە لە وولاتەکەتان دەرکرا دەرەوەو تاماتە باران کران، لە کاتێک کە ئەمریکا لە هەموو وەختیک زیاتر پێویستی بە یارمەتی ئەوان هەبووبەڵام ئەمریکایان بێ ئومێد کرد، لەو ڕۆژەوە ئەوانە حیسابیان لای ئەمریکا بوو بە سفر، پیی ناویت هیچی تر خۆیان ماندوو بکەن ئەوانە تەنها لە ڕیگای دێموکراتیەت و دانی مافی زەوتکراوی خەڵکی کورد و یەکلایی کردنەوەی موشکیلە سنوریەکانیان لە گەڵ دەرو جیرانەکانیان و واز هێنان لە دەست تێوەردانی ناو قوبرس و دەست هەڵگرتن لە دەست تێوەردانی ئێراق و تەشقەڵە نە کردن بە ئەم و ئەو دەتوانن جارێکی تر وجودی خۆیان بسەلمینن کە بەراستی مافی مرۆڤ لە تورکیا پارێزراوە ئەو کاتە دەبی خەڵک ئەو شەهادەیان بۆ بدەن کە تورکیا بوە بە دەوڵەتی یاسا، لەکاتێک کە جیاوازی نەمینێت لە نێوان کوردێک و تورکیک، لەکاتێک بەندیخانەکانیان چۆڵ بکەن لە خەڵکی بەندکراوی بیرو باوەڕی سیاسی، تەنها تاوەنبارانی ئاسایی بمیننەوە، ئینجا ئەوان دەتوانن پڕ بە دەم بچن داوای چونە ناو یەکێتی ئەوڕوپا بکەن، چۆن بە ئاسانی لە پەیمانی ناتۆ وەریان گرتن ئاواش لەوێ وەردەگیرێن، بەڵام بیانەویت لە ڕێگای فرت و فێڵ و ساختەچیەتی ڕواڵەتی ناشیرینی خۆیان جوان بکەن ئەوە کارێکی زۆر سەختە، دەبێ هەر بڵێن ئەو نانە بەو دۆشاوە، ئەوە قسەئەکەو دەیکەم بۆ میژوو چونی کوردستانەکەی خۆمان بۆ ناو یەکێتی ئەوڕوپا زۆر مومکین ترە لەبەر ئەوەی کورد زۆر لە ئەوان دیموکراتی تر دەبن وە مافی مرۆڤ لە کوردستان پارێزراوتر دەبێت، وە خەڵکی کورد زیاتر دەتوانێت خۆی لە گەڵ ئەوڕوپیەکان بگونجێنێت، عارەب ووتەنی (ئەلئەیام و بەینەنا ) یەکتر دەبینینەوە، بە مەرجێک دوژمنانی کوردو کوردستان وازمان لی بێنن و هیچی تر تەگەرە نەخەنە پێش حکومەتی کوردستان. بژی کوردو کوردستان...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.